ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

خێراکردنی ویندۆز XP. ڕێگەی یەکەم.

نووسەر: :@

وەک شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە ویندۆز ئیکسپێ لەبواری شێوەو ڕوومەتەوە زۆر لە ویندۆزەکانی پێشتری خۆی جوا نترەو ئیشکردن لەسەر تام و خۆشیەکی تایبەتی هەیە. هەر لە بەر ئەوەش کە Theme یان شێوەکەی، شێوەیەکی ڕەنگی و جوان و ڕازاوەی هەیە، بەڵام بۆ کەسێک کە بیەوێ کۆمپیوتەرەکەی ئیشەکەی جوانبێت نەک شێوەکەی دەتوانێت بە چەند هەنگاوێکی کورت بەشێوەیەکی بەرچاو خێری بکاتەوە. ئەویش بەکەمکردنەوەی ئەو ڕەنگ و تایبەتمەندیانە کە پێویستیان بە هێزی کۆمپیوتەرە. تکایە هەنگاوەکان وەک ئەوەی خوارەوە جێبەجێ بکە بۆ خێراکردنی ویندۆزەکەت کە XPـە.

بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتە بکەسەر My Computer و پاشان Properties هەڵبژێرە لە خوارەوە. پاشان لەنێو ئەو پەنجەرەیەی کە دێتە پێشەوە کرتە بکەسەر Advanced ،




پاشان Seeting ،




لێرەدا دەبینین کە ویندۆز بۆ جوانی خۆی ئەوەی هەڵبژاردە کە تادەتوانێ خۆی جوان پیشان بدات بۆ بەکار هێنەری و بەئارەزوی خۆت ئەو شتانەت بۆ هەڵبژێرێت کە خۆی پێی باشە، بەڵام ئەوە هێزی زۆری کۆمپیوتەر دەبات، لێرەدا ئێمە ئەوە دەگۆڕین بەوەی کە ویندۆز تا دەتوانی باش ئیشەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە لێرەدا خاڵەکە دێنینە تەنیشت Adjust For Best Performance




پاشان لەخوارەوە کرتە بکە سەر Apply و پاشانیش OK.

پێشنیار: بۆ ئەوەی بەباشی هەست بەخێرابوونی کۆمپیوتەرەکەت بکەیت پێم باشە بیکوژێنیتەوە جارێکی دیکە هەڵیکەیتەوە.

کۆتایی.

---

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت